**U.S. Education Reform and National Security**

**Chairs: Joel I. Klein, News Corporation, and Condoleezza Rice, Stanford University Director: Julia Levy, Culture Craver.**

## ڕاسپاردە Recommendations

- دەبێ چاوەنۆڕیی فێرکاری، بەمەبەستی پاراستنی ئاسایشی میللی، لە بابەتی گرینگدا تێچێن بکرێن. ئەمەریکا دەبێ «پێوەری میللی بۆ بنگەی هاوبەش» Common Core State Standards فرەوان بکات بۆ دڵنیابوون لەوەی فێرخواز ئەو زانست و هونەرکارییە فێر دەبن کە پێوستن بۆ پاراستنی ئاسایشی میلیی وەڵاتەکە. زانست، تەکنیک و زمانی بیانی گرینگن — هەروەها توانای ئافراندن بۆ چارەسەری کێشە و هەروەها هۆشیاریی هاوزێدانە (سیڤیل، مەدەنی). گرینگە دەرامەدی پێویست، بە یاوەریی ئەم پێشخستنەی پێوەر، دابین بکرێن بۆ وزە دان بە پیادە کردنی سەرکەوتوو.
- دەبێ گۆڕانکاریی ساختارەکی بێتە کایەوە بەمەبەستی دابین کردنی خواستەی باش بۆ فێرخوازان. چی دی نابێ ویلایەت و هەرێم، فێرخوازی بەشخوراو، ناچاری فێرگەی بێفەڕ بکەن و هیچ بژارەیەکی نەدەنێ؛ ئەمەیان بەدکارییە بەرانبەر هەم فێرخواز و هەم سەرجەم ئەمەریکا. پێشخستنی هەم بژارە و هەم ڕکابەری، لە ژینگەیکدا دابین کردنی دەرامەد تێیدا دادپەروەرانە بێت، دەبێتە بزووێنەری ئەو داهێنانەی پێویستە بۆ بارکۆڕینی ئەنجام.
- دەبێ پەیجۆرییەک بخرێتە کار دەربارەی ڕادەی ئامادەباشی لە بواری ئاسایشی میللیدا "national security readiness audit" بۆ پرسینەوە لە فێرگە و لە سیاسەتسازان لەو ئەنجامگەلەی هەن و هەروەها بۆ سەرخستنی هۆشیاریی گەل. کرۆکی ئەم ڕاسپاردەیە بریتییە لە ئافراندنی هەڵسەنگاندنی پڕواتای دیکە و دەرفەتسازی بۆ فێربوونی فێرخوازان، ئەوجا خەباتێکی میللیی هاوئاهەنگە بەمەبەستی ئافراندنی ئامانج و دەرهاویشتەی وەها پەیوەند بێت بە «بنگەی هاوبەش» ـەوە. کەمپێنێکی بەرفرەوانی گەلێر بۆ سەرخستنی هۆشیاریی میللی، پەیوەند بێت بەو پەیجۆرییەوە، دەبێتە مایەی دڵگەرمیی گەلی ئەمەریکا.

## ئەنجامگیری Conclusion

سێ دەیە لەمەوبەر، ئەوگوستیی 1981، وەزیری فێرکاریی سەرۆک ڕێگان، T. H. Bell دەستەیەکی لە فێرکار و سەرۆک بازرگان کۆ کردەوە بەمەبەستی وردبوونەوە لە پەرۆشی وەزارەتەکەی دەربارەی «بۆچوونێکی گەلێری بەرفرەوان هەیە دەڵێ بێباکییەکی جیددی هەیە لە سیستەمی فێرکاریدا» "the widespread public perception that something is seriously remiss in our educational system".

ئەپریلی 1983، ئەو گرووپە لە ڕاپۆرتێکدا بە ناوی «میللەتێک لە مەترسیدا» *A Nation at Risk* کێشەکانی فێرکاریی ئەمەریکای ورد کردەوە. ڕاپۆرتەکە وریامان دەکاتەوە لە «شەپۆلێکی بەرزەڕۆ هەیە لە مامنێوەندەتی [کەمبڕشتی] بووەتە مایەی هەڕەشە لە ئایەندەمان هەم وەک میللەت و هەم وەک گەل» "a rising tide of mediocrity that threatens our very future as a nation and a people".

ئەم ڕاپۆرتە پاش نێزیکەی سێ دەیە ئەوجا پەخشان کرا، بەڵام مەترسییەکانی ئەم ڕاپۆرتە باسیان لێ دەکات بە ڕادەیەکی زۆر هەر ئەوانەن ئەم دەستەی کارە ئەمڕۆ لێیان دەدوێت.

ئەوا ساڵی 2012 یە، فاکتی خەمبەخش ئەوەیە «شەپۆلی بەرزەڕۆی مامنێوەندەتی» نەبۆتە داستانی مێژوو. وێڕای بەرەوپێشچوونی بژاردە، شاوێنە دەربارەی نەخشی سیستەمی فێرکاری لە ئەمەریکا بە ڕادەیەکی بەرز زۆر نێزیکە لە ئەنجامگەلی سێ دەیەی ڕابوردوو. لە بواری خوێندندا ژمارەیەکی زۆر فێرخواز پاش دەکەون و لە خوێندنی ئامادەیی دادەبڕێن بێ ئەوەی لەبار بن بۆ زانکۆ یان بۆ کار. ئەوجا گەرچی ئاستی خوێندن هێندە نەگۆڕاوە، داواکاری لەسەر هێزی کار بەرز بۆتەوە، کەواتە دەرفەتی سەرکەوتن بۆ ژمارەیەکی زۆری ئەمەریکایی تەنگ دەبێتەوە. دەرەنجامیش، خەڵک لە جڤاتی سەرلەبەری ئەمەریکادا هەتا دێ زیادتر پاش دەکەوێت.

هاوکات وەڵاتانی دیکە دەستکەوتی فێرکارییان پێش دەخەن، بەوەش دەرفەتی ڕکابەری بۆ ئەمەریکاییەکان هەتا دێ سەختتر دەبێت. ئەم دیاردەیەش هەم جەوانی وەڵاتەکە دەگرێتەوە کە تازە دێنە بازاڕی کارەوە و هەم بۆ ئەمەریکایی تەمەندارتر.

وەها بڕوات، لەوەیە هاوزێدی نیمچەکارزان و نیمچەخوێندوو هەتا دێ زیادتر هەست بە بارگرانی بکەن وەدەرفەتیشیان کەمتر بێت چ بۆ بەشداری لە سەرخستنی ستانداردی گوزەرانی میللیدا، چ بۆ سوودمەندیی لەو سەرکەوتنە.

*هاودەرکییەکی هەڵکشێو بۆ گۆڕانکاری* *A Growing Consensus for Change*

وێڕای ئەوەش، گەرچی دیمەنی گشتی هەر لە دیمەنی دەیەکانی ڕابوردوو دەکات، وێڵ کردنی بوارەکانی پێشکەوتن لە سیستەمی ئەمەریکاییدا لە ساڵانی 1980 کانەوە، کارێکی هەڵەیە. لە دەیەی ڕابوردوودا، چەندین هەوڵی سەرکەوتوو هەبووە بۆ گۆڕانکاری لە بواری وەک فێرگەداری (ڕێبەرایەتیی فێرگە)، فێر کردن، پلانی فێرکاری، بەرپرسایەتی، هەڵبژێری و تەکنیکدا. ئەمانە لە تاکەتاکەی فێرگەدا گۆڕانکاری و باشتربوونی هێناوەتە بەرهەم. بەڵام هەتا ئێستا، ئەو پێشکەوتنانە هەم دەستبژێرانە بووە، هەم هێندەیان لەبار نەبووە نەخشی فێرکاری لە گشت هەرێمەکان یان سەرجەم وەڵاتدا سەر بخەن. بەڵام پێشانیان دا بەگشتی، چی لە کردن دێت، لە فێرکاریی ئەمەریکاییدا.

ئەمە چرکەساتێکی ناسکە، دەرفەتە بۆ میللەتێک کە لە ئەنجامدا ئامادەیە گۆڕانکاریی پێویست لە سیستەمی فێرگەدا پیادە بکات بۆ پاراستنی ئاسایشی میلیی وەڵاتەکە بۆ دەیەکانی ئایەندە. بنەماکانی پێشخستن بۆ ڕیفۆرمی کاریگەر هەڵدەکشێن:

– سەلماندن *Acknowledgment* گەل دەیسەلمێنێت کە ئاست و نەخشی فێرکاری کورتی هێناوە و هەروەها پەژیراندن (قبووڵ کردن) Acceptance ی بەرین پەیدا بووە بۆ پێویستیی ڕیفۆرمی بەرهەست. ئەمە دۆزی یەک پارت و پێداویستیی یەک ناوچەی جیوگرافیی دابڕاو نییە.

– ڕێبەرایەتی *Leadership*. هەتا دێ ژمارەی ڕێبەری دڵگەرم و کارامە لە گشت ئاستەکانی فێرکاریدا – لە پۆلی خوێندنەوە هەتا ڕێبەری میللی لە واشینگتۆن – ڕووی لە زیادبوونە. ئەمانە توانایان هەیە ڕێبەرایەتیی گۆڕانکاری بکەن.

- مۆدێلی سەرکەوتوو *Successful models*. لە سەرانسەری وەڵاتدا، سەدان فێرگە هەن چاکسازی و ڕیفۆرمی وەهایان لە پرۆسەی فێرکاری و هەروەها لە شێوازی خوێندن و فێر کردندا چەرخاندووە، کە فێرخواز بتوانێ لە سنووری «چاوەنۆڕی» و «نۆرم» [بەها، پێوەر، دەستووری باو] دەرباز بن. ئەم ئەزموونگەلە دەبنە ڕێنوێن بۆ چۆنیەتیی سەرخستنی هەم نەخش و هەم ستانداردی فێرکاری بۆ گشت فێرخوازان، تەنانەت فێرخوازانی خاوەن پێداویستیی بەرزیش.
- ژینگەی ئابووری *Economic environment*. لە ڕاستیدا، ژینگەی کەمدەرامەدی ئەمڕۆ، دەتوانێ لە ڕێی جەخت کردن لەسەر کێشەگەلی هەنووکەیی، یاریدەر بێت بۆ تەکان دان بە ڕیفۆرمی پێویست. لەبری بەردەوامبوون لەسەر سەرمایەگوزاری لە دۆخی داکەوت status quo دا، کارگێڕ هەن بڕیاریان داوە سەرمایەگوزاری لە بەرنامە و ڕاژەی وەها بکەن کە باشترین هیوا ببەخشێت.
- ژینگەی سیاسی *Political environment*. بە درێژایی دەیەی ڕابردوو، کۆمەکی بایەخدار بۆ ڕیفۆرمی فێرکاری بە گشتی دووپارت بوو [مەبەست هەردوو پارتەکەی ئەمەریکایە]. قانوونی تازەی: «لە: نابێ هیچ زارۆکێک دابڕێت، هەتا: کێبەرکێ بۆ دوند» ”from No Child Left Behind to Race to the Top” بنگەیەکی دروست کرد بۆ پێشخستنی بەرپرسایەتی و هاندان، هەروەها ئومێدبەخش بێت بەوەی هاریکاری دەبێتە هۆکار بۆ پێشکەوتنی ڕاستینە. لە ڕیفۆرمی فێرکاریدا، هاریکاریی نێوان بواری جیاوازیش ڕووی لە فرەوانبوونە – بۆ نموونە: کۆمپانیا، کتێبخانە، مۆزەخانە و سازمانی دیکە.

ئەم هۆکارانە گرینگن و هیچی دیکەش لەم کاتەدا وەها نین، بۆ گۆڕینی ئەو شێوازەی ئەمەریکا دەیگرێتە بەر بۆ خوێندنی منداڵەکانی خۆی، و هەروەها بۆ گەیشتن بە ڕیفۆرمی گۆڕانکارانەی وەها کە زووتر سیستەمی فێرکاریی ئەمەریکا هەرگیز پێی نەگەیشتبوو.

سەرچاوە:

Independent Task Force Report No. 68. March 2012.
Joel I. Klein and Condoleezza Rice, Chairs
Julia Levy, Project Director
U.S. Education Reform and National Security
http://www.cfr.org/united-states/us-education-reform-national-security/p27618